# چەند ڕێنماییەکی تایبەت بۆ حاجیان

ئا: مەلا عەبدولا ئەحمەد شێرکاوەیی

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو، درودو سەلامیش لەسەر گیانی پێغەمبەری ئازیزو، تێکڕای یارو یاوەرانی تا ڕۆژی دوایی.

بێگومان حەجکردن عیبادەتێکی گەورەیەو، ڕوکنی پێنجەمی ئیسلامەو، خوای گەورە لەسەر موسڵمانانی فەرز کردووە، هەروەك دەفەرموێ: (وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا) آل عمران: ٩٧. واتە: خوای گەورە واجبێکی لەسەر خەڵك هەیە، کە حەجکردنی ماڵی خوایە لەسەر ئەو کەسە واجبە، کە توانای هەبێ.

هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ( بُنِيَ الإِسْلَامُ على خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ، وَالْحَجِّ)صحيح البخاری: ج١ ص١٢. واتە: ئاینی ئیسلام لەسەر پێنج بنچینە دامەزراوە: شەهادە هێنان، نوێژکردن، زەکاتدان، ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان، حەج کردن. صحيح البخاری: ج١ ص٢٩.

## گەورەیی حەجکردن

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (من حَجَّ لِلَّهِ فلم يَرْفُثْ ولم يَفْسُقْ رَجَعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ) صحيح البخاری : ج٢ ص ٥٥٣، واتە: هەر کەسێك بۆ خوا حەج بکاو لەکاتی کردنی حەجەکەیدا لەگەڵ ئافرەتی خۆی جووت نەبێو، گفتوگۆی ناڕێك نەکا، ئەوە وەکو ئەو ڕۆژە وایە، کە تازە لە دایك بووە، ئاوا لە گوناهو تاوان پاك دەبێتەوە.

یان دەفەرموێت: (الحجُّ المبرور ليس له جزاءٌ إلاّ الجنة)، صحيح البخاری: ج٢ ص ٦٢٩. واتە: حەجی وەرگیراو پاداشتەکەی تەنها بەهەشتە، ئەمانەو چەندان دەقی تر ئاماژە بە گەورەیی ئەو فەرزیەیە دەکەن.

## چەند ئامۆژگاییەك

پێویستە خوشك و برا حاجیەکان بەر لە کاتی ڕۆیشتن وەك خۆئامادەکردنێك ئاگاداری ئەو چەند خاڵانە بن:

١_ نیەتپاکی و ئیخلاس بۆ ئەم سەفەرە.

٢_ گەردن ئازایی خەڵك و دراوسێ و خزم.

٣_ تەوبەو پەشیمانی لە تاوانەکان.

٤_ جوان هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ حاجیان.

٥_ هەبوونی گیانی لێبوردەیی و ئارامگرتن.

٦_ خۆ شارەزا کردن و بەفیڕۆ نەدانی کات.

٧_ خۆ پاراستن لە گوناهو سەرپێچیەکان.

٨_ وانە وەرگرتن لە سەفەری حەج و گەورەیی ئەو فەرزیەیە.

## ڕوکنەکانی حەج

ڕوکنەکانی حەج بە شێوەیەکی کورت و پوخت بریتین لەو پێنج ڕوکنەی خوارەوە:

یەکەم: ئیحرام بەستن.

دووەم: وەستان لە کێوی عەرەفە.

سێیەم: تەواف کردن(سوڕانەوە بە دەوری بەیتدا).

چوارەم: هاتوچۆی نێوان سەفا و مەروە.

پێنجەم: تاشین یان کورتکردنەوەی مووی سەر..

تێبینی: هەر کەسێك ڕوکنێك لەو ڕوکنانە ئەنجام نەدات و تەرگی بکات، ئەوە حەجەکەی دروست نابێ، تا ڕوکنەکە ئەنجام نەداتەوە.

## واجبەکانی حەج

بە پێی سەرچاوە فیقهیەکان واجبەکانی حەج بریتین لەو چەند خاڵەی خوارەوە:

یەکەم: پۆشینی ئیحرام لە میقاتەوە.

دووەم: مانەوە لە کێوی عەرەفە تا کاتی خۆرئاوا بوون.

سێیەم: شەو مانەوە لە موزدەلیفە.

چوارەم: شەو مانەوە لە مینا .

پێنجەم: ڕەجم کردنی شەیتانەکان.

شەشەم: تەوافی ماڵئاوایی (طواف الوداع).

تێبینی: هەر کەسێك واجبێك لەو واجبانەی سەرەوە ئەنجام نەدات، حەجەکەی دروست دەبێ، بەڵام لە بری تەرگ کردنی ئەو واجبە خوێنی فیدیەی دەکەوێتە سەر.

## قەدەغەکراوەکانی ئیحرام

ئەو شتانەی لە کاتی ئیحرامدا قەدەغەن و پێویستە حاجیان لێی ئاگادار بن بریتین لەو شتانەی خوارەوە:

١_ جیماع کردن. ٢_ داپۆشینی سەر (بۆ پیاوان). ٣_ خۆ بۆنخۆشکردن. ٤_ موو کردن و نینۆك کردن.

٥_ بەکار هێنانی جلی درواو (بۆ پیاوان). ٦_ مارەبڕین. ٧_ داربڕین و گیا شکاندنەوە.

٨_ دەمەقاڵە و جنێوو قسەی ناشیاوو. ٩_ ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی حەرەم.

تێبینی: لەکاتی ئیحرامدا سوننەتە زۆر زیکری (لبیك اللهم لبیك...) بکرێ و پێویستە ئاگاداری داپۆشینی عەورەتیش بکرێت.

## واجبەکانی تەواف کردن

لە کاتی تەوافکردن بە دەوری بەیت (کەعبە) پێویستە ڕەچاوی ئەو مەرجانەی خوارەوە بکرێت:

١_ پاکی لە بێ دەستنوێژی گەورە و بچووك. ٢_ داپۆشینی عەورەت. ٣_ حەوت جار تەواف کردن.

٤_ بەیت بخاتە لای چەپی خۆی.      ٥_ لە راستی بەردە رەشەکە(**حجر الأسود**) دەست بە شەوتەکان بکریٚ.

تێبینی: لەکاتی تەوافدا سونەتە دەست لە بەردە رەشەکە بدەیت‌و ماچی بکەیت(ئەگەر بکریٚ‌و خەڵك ئەزیەت نەخوات)و لە نزیك بەیتەوە تەواف بکەیت‌و لەکاتی تەواف دوعا زۆر بکەیت‌و، دوای تەوابوونیش لە تەواف دوو رکعەت نوێژی سونەت ئەنجام بدەیت‌و ئاوی زمزم بخۆیتەوە.

## ئاگاداری

دەبیٚ هاتوچۆی نێوان سەفا و مەروە لەدوای تەوافەوە بێت‌و، پێویستە حەوت جار سەفاو مەروە بکریٚ‌و، بە تەرتیب‌و مەسافەکەی نێوانیان بەتەواوەتی ببڕێت، لەو مەسافەش دوعا دەخوێنیٚ‌و خۆی لە ئەزیەتدانی خەڵك‌و قسەی نارێك دەپارێزیٚ.

دوای تەواو بوونی ئەو هەنگاوەش یەکسەر حەلق دەکریٚ‌و لە ژێر ئیحرام دەچێتە دەریٚ.

## وەستانی عەرەفە

گەورەترین روکنی حەج وەستانی سەر کێوی عەرەفەیە، وە کارو ئەرکەکانی حەج لە رۆژی عەرەفەوە دەست پیٚ دەکەن، بۆیە سەبارەت بە عەرەفەوە پێویستە حاجی لەکات‌و شوێنی دیاریکراو ئامادە بێت‌و بە ئیحرامەوە ماوەکە بەسەر بەرێت، وەستان لەو شوێنە خۆی لە خۆیدا خواپەرستیە، عەرەفە شوێنی پاڕانەوەو دوعا کردنە، بۆیە چەندەی دەکریٚ دوعا بکە، چونکە خوای گەورە لێبوردەیی خۆی دەبەشێتەوەو لە بەندەکانی نزیك دەبێتەوە، ماندوو مەبە لە دوعاو زیکرو قورئان خوێندن، لەو کاتەی کە بە گەورەترین کاتی ساڵ دانراوە.

## رەجم کردنی شەیتانەکان

کاتی رەجم کردنی شەیتانەکان لە رۆژانی جەژن دەست پیٚ دەکات، بەڵام رۆژی یەکەمی جەژن تەنها شەیتانی گەورە رەجم دەکریٚ لەدوای خۆرهەڵاتنەوە.

بەڵام رۆژانی تر هەر سیٚ شەیتانەکان بە ریزبەند لە گچکەوە بۆ گەورە رەجم دەکرێن، بەڵام باشتر وایە لەدوای زەوالەوە دەست پیٚ بکریٚ.

مەرجە بەرد هاوێشتنەکان بە دەست بیٚ‌و، یەك یەك بیٚ‌و، بۆ هەر شەیتانێك حەوت بەرد بیٚ‌و، بە ریزبەندو بەهاوێشتن بێت.

## فیدیەو قوربانی

لە ڕووی زەمەنەوە هیچ کاتێك دیاری نەکراوە، بۆ ئەوەی ئاژەڵی فیدیەی تێدا سەر ببڕدرێ، کە بەهۆی نەکردنی واجبێکی حەج، یان بەهۆی کردنی قەدەغەکراوێکی حەج لەسەر مرۆڤ پێویست دەبێت، تەنها ئەوە نەبێ، کە سوننەت وایە ئاژەڵی فیدیە لە کاتی سەربڕینی قوربانی بکوژرێتەوە، کە دەکاتە ڕۆژانی جەژن.

بەڵام لە ڕووی شوێنەوە ئاژەڵی فیدیە واجبە لە خاکی حەرەمدا سەر ببڕدرێ، ئەگەر لە دەرەوەی حەرەم ئەنجام درا دروست نابێ، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: (هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ)المائدة:٩٥، واتە: ئاژەڵی خوێنەکە(فدیە) بگاتە حەرەم لەوێ سەر ببڕێ.

گەورەترین شوێنی حەرەمیش بۆ سەر بڕینی ئاژەڵی فیدیە مینایە، چونکە لەوێ کارەکانی حەج تەواو دەبن و، پێغەمبەریش(د.خ) فەرموویەتی: ( نَحَرْتُ هَا هُنَا وَمِنَى كُلُّهَا مَنْحَرٌ)رواه أبوداود، واتە: من لێرەدا ئاژەڵم سەر بڕی و، مینا گشتی شوێنی سەر بڕینە.

هەروەها دروست نیە خوێندەر بەخۆی لە فیدیەی خۆی بخوات، بەڵکو پێویستە بەسەر هەژارانی دابەش بکات.

بەڵام قوربانی بە پێچەوانەوە کاتی دیاری کراوە، کە ڕۆژانی جەژنە، بەس شوێنی دیاری نەکراوەو، دروستە لە هەر شوێنێکی دونیا بێت.

## زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر

بێگومان زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر( د.خ ) سوننەتێکی پڕ خێرو گەورەیەو، یەکێکە لەو هەنگاوانەی، کە مرۆڤ لەخوا نزیك دەکاتەوە، کۆ دەنگی زانایانیش لەسەر ئەو بۆچوونەیەو، تەنانەت هەندێ لە زانایانیش ئەو سوننەتە نزیك دەکەنەوە لە واجب.

ئەو زیارەتە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە ئەرکە ڕەچاوی ئەو ئاداب و ڕێنماییانە بکرێت، کە لە کاتی ئەو زیارەتە پێویستە هەبن وەك: نیەت پاکی، خۆ خاوێن کردن و دەستونوێژ هەبوون، ڕێزو هەیبەت و زۆر سەڵاوات لێدان، بەرزنەکردنەوەی دەنگ، خۆ بۆنخۆشکردن، دوعاو پاڕانەوە بۆ شەفاعەت، خۆ پاراستن لە قسەی ناشیرین، سەلام کردن لە گۆڕی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بەو شێوەیە: السَّلامُ عَلَيكَ يا رَسول الله، السَّلامُ عَلَيكَ يا حبيبَ الله، السَّلامُ عَلَيكَ يا سَيد المُرسَلين وَخاتم النَبيين، السَّلامُ عَلَيكَ يا خيرَ الخَلائقِ أجمعِين، السَّلامُ عَلَيكَ وَعلى سائرِ الأنبياءِ وَالمُرسَلين، جَزاكَ الله _ يارَسولَ الله_ عَنّا خَيرَ الجَزاء، أشهَدُ أن لا إلـه إلاّ الله، وحده لا شريك له، أشهَدُ أن مُحَمَداً رَسول الله وَعَبده، وَأشهَدُ أنّكَ قَدْ بَلَّغتَ الرِسالة وَأدَّيتَ الأمانة وَنَصَحتَ الأمة وَجاهدتَ فِي اللهِ حقَّ جِهادهِ، اللَّهُمَّ آتهِ الوَسيلة وَالفَضيلة وَابعَثة مَقاماً مَحموداً الَّذي وعدته).

پاشان کەمێك دەڕۆی سەلام لە گۆڕی ئیمامی ئەبوبەکرو ئیمامی عومەر دەکەی، هەروەها سوننەتە سەردانی گۆڕستانی بەقیع و مزگەوتی دوو قیبلەو مزگەوتی قوبا بکرێت.

# دوا ڕێنمایی بۆ حاجیان

١_ پێویسته له هەردوو حەرەمی مەككەو مەدینه خوشكو برا حاجیەكان كاتەكانیان له خواپەرستی سەرف بكەنو، لەسەر نوێژی بەجەماعەتیش بەئاگاو بەردەوام بن.

٢_ لەكاتی زیارەتو چوون بۆ شوێنه پیرۆزەكان پێویسته خۆیان له قافڵەكانیان دانەبڕێننو له هەموو شوێنەكانیش زیكرو دوعاكردن لەیاد نەكەن.

٣_ لەكاتی ( نەزانین، نەشارەزایی، پرسیار، وەرگرتنی زانیاری شەرعی) پێویسته پرسیار له مامۆستای ئایینی قافڵەكەیان بكەن.

٤_ پێویسته مامۆستای ئایینی (مورشیدی دینی) بەر له گەیشتن به هەر شوێنێكو ئەنجامدانی هەر كارێك له كارەكانی حەج، به وتارو ئامۆژگاری حاجیان هۆشیار كاتەوەو له ئەركەكان ئاگاداریان بكاتەوە.

٥_ وەك ئەركێكی ئەخلاقی وا باشه حاجیان هاوكاریو بابەندی یاساو ڕێنماییەكانی بەرێوەبەرایەتی گشتی حەجو عومره بكەنو لەگەڵ مامۆستایانی ئایینیو حەملەدارەكانیش بەڕێزەوە مامەڵە بكەن.

٦_ وەك ئەركێكی ویژدانیو نیشتمانی وا باشه حاجیان دوعای خێر بۆ تەواوی موسڵمان به گشتیو كوردستانو گەلی كورد بەتایبەتی بكەن.

٧_ وا ئاسانتره به ئەندازەی پێویست حاجی شتومەكی تایبەتی له (جلوبەرگو خواردنو حەبو دەرمانو پێویستیەكانی تر..) لەگەڵ خۆی ببات، نەك باری خۆی گران بكاتو شتی زۆرو بێ كەلك له خۆی بكاته بار.

٨_ پێویسته حاجیان خۆیان له تێكەلاوی زۆرو نەزەرو غەیبەتو قسەی ناشەرعیو هەموو گوناهەكانی تر بپارێزن.

٩_ دەبێ هەموو حاجیان وەك یەك خێزانو به گیانێكی برایانەو پڕ له لێبوردەییو هاوكاری كردنی یەكترەوە مامەڵە لەگەڵ یەك بكەن.

١٠_ ئەو بڵاو كراوەیه زیاتر تەئكیدی لەسەر واجبەكان كردۆتەوە، پێویسته حاجی خۆی له سوننەتەكانیش حاڵی بكات، كه دەكرێ له ڕێی مامۆستایانی ئایینیەوە شارەزایی وەر بگرێت.

لَبَّيْكَ اللهم لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لك لَبَّيْكَ إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لك وَالْمُلْكَ لَا شَرِيكَ لك

حجاً مبروراً وسعياً مشكوراً وذنباً مغفوراً إن شاء اللّه

دیاری ( سەنتەری زانایان بۆ رۆشنبیری ئایینی) بۆ حاجیانی خۆشەویست.

ئا: مەلا عەبوڵڵا شێرکاوەیی ............................................................................................ sherkaway83@gmail.com